# پاداشتی کەسی ڕێنیشاندەر بۆ کاری خێر وەکو پاداشتی کەسی ئەنجامدەری کارە خێرەکە وایە

له ئەبی مەسعودی ئەنسارِیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: من ئاژەڵەکەم -سواریەکەم- مرد ؛ -ئاژەڵێکم- پێبدە بۆئەوەی هەڵمبگرێت -بۆ سەفەرکردن-، فەرمووی: «هیچم لەلا نیه»، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من ڕێنیشاندەری دەبم بۆ لای کەسێک کە هەڵی بگرێت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پاداشتی کەسی ڕێنیشاندەر بۆ کاری خێر وەکو پاداشتی کەسی ئەنجامدەری کارە خێرەکە وایە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: من ئاژەڵەکەم -سواریەکەم- مرد ؛ -ئاژەڵێکم- پێبدە بۆئەوەی هەڵمبگرێت -بۆ سەفەرکردن-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لێبووردنی کرد بەوەی هیچ شتێکی لەلا نیە بۆئەوەی وەکو سواری پێبیدات، پیاوێک لەوانەی ئامادەبوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من ڕێنیشاندەری دەبم بۆ لای کەسێک کە هەڵی بگرێت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕایگەیاند کە ئەو کەسە بەشدارە لە پاداشتی ئەنجامدەری کارە خێرەکە چونکە ڕێنیشاندەری کاری چاکە بوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەپاداشتی دووەم کەم بکاتەوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee